کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 20-9-2007 0:09

**بۆ سەرۆكی هەرێمی كوردستان ڕێزدار ... مسعود بارزانی ... دایكی مێرخاس**

ئەو توندو تیژیەی دژ بە ژنان بە بیانوی داكۆكیی لە شەڕەف ئەنجام ئەدرێ. بی دەنگ مەبە جەنابی سەرۆك كە پێی نیگەرانی. ئێمەی ئافرەت تا بڵێی گریاین بۆ ڕاستییەكان و دڵمان پڕبوو. ماوەیەكی زۆرەو جام لە سەری ڕژاوە. تاكەی كە ژنێك دەكوژری بڵێین كوردستانەو مەڵبەندی كپ كردنی دەنگی ڕاستییەكانە. تاكەی ژن لە دۆزەخی بی دوماهی ژیان بگوزەرێنی. من گومانم نییە ئەگەر خەڵاتی ژن كوشتن هەبووایە كورد بەشی شێری لەو خەڵاتە بەر ئەكەوت. ئەوەتا لەو دونیا بە ئاگا هاتووە ئافرەتانی ئێمە بەردەوام ڕووبەڕووی لافاوی بیری كۆنە پەرستی و كۆنەخواز بوونەتەوە. هەر كاتێك ژنێك بە ناوی شەڕەفەوە ئەكوژری نەفس نزمان چەپڵە بۆ بكوژانی موقەدەسترین و پاكیزەترین ڕوحی بە ناحەق كوژراو لێئەدەن. لە كۆمەڵگەی ئێمەدا هەمیشە كێشەی پیاوان مەزن كراوەتەوە پێچەوانە كێشە و گرفتی ئافرەتان بە خێرایی بچووك كراوەتەوە. ئێمەی ژن ڕۆژ نییە گوێبیستی هەواڵ و ڕووداوێكی جەرگبڕ نەبین لێرەو لەوی. چەقۆ گەیشتووەتە سەر ئێسقانمان بۆیە تووڕەین لە هێزی توڕەییمان خۆتان بپارێزن.

سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان گوی بگرە لە خوشكی خۆت و دەنگی سەرجەم ئافرەتانی كوردستان. ئاگادار بە لەوەی ئەو پیاوەی ژنێك ئەكوژی بەتەنی تاوانبار ئەو نییە. كەچی تاوانباری پلەیەك ئەو پیاوەیە كە ژن نا مرۆڤانە ئەخاپێنی و بەرەو لێواری مەرگ ئەیبا. تاوانباری پلەیەك خوێندكارێكە لە زانكۆ لە ڕێگەی مۆبایل وێنەی ئافرەتێك بڵاو ئەكاتەوە. بە ناچاریش لەبەر قسەو قسەلۆك باندۆری كۆمەڵگە و دەوروبەر باوك و برای ئافرەتەكە پەنا ئەبەن بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی و جێبەجێكردنی مەزنترین تاوان. من ڕووی پرسیارم ئاڕاستەی ئەو قەڵەم بە دەست و كەسانە دەكەم كە داكۆكی لە مافی ئافرەتان ئەكەن و ڕۆژانە ئەنووسن پێتان قبولە وێنەی خوشك و ژن و كچی ئێوە بەم شێوەیە ببێنن.

سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان:

ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردوو. ئەگەر لە ڕۆژانی دوێنێی خەباتی پڕ سەخت و دژوار ئافرەت نەبووایە پێشمەرگە نەیدەتوانی درێژە بە خەباتی شاخ بدا. جگە لەوەی ئافرەتان بەشی هەرە زۆریان بەركەوتووە لە دەیان و سەدان تراژیدیای جەرگبڕی ئاوارەیی و ئەنفال و كیمیا باران و ڕاگواستن. هەمیشە لە پێشەوەی كاروانی مەینەتی باری قوڕس لەسەر ملی ئەوان بووە. كەچی ئەمڕۆش ئەوەتا دەسەڵاتی پیاو لە سیستەمی كۆمەڵگەی پیاو سالاری لە باڵاترین ئاست دایە. ئەوسا لە جەنابتان ئەخوازین زێتر برەو بدەیت بە بزاڤی ئازاددی ژنان لە پێناو گۆڕانی شێوازی ژیانی. تۆ لەبیرتە چۆن جاران شۆڕش بی ژن جەستەییكی بی دڵ بووە. ئەمڕۆش بە هەمان شێوە دێموكڕاتیزە كردن و جێبەجێبوونی كۆمەڵگەی مەدەنی و گەیشتن بە مافە نەتەوەییەكان بی ئازادی ژن مەحاڵە. ئیتر لەمەو دوا با نۆرەی وەدی هێنان و تێكۆشیبی بۆ لەدایكبوونی پڕۆژەیەكی كارا كە كار بكا لەسەر مەسەلەی ژنان. خۆتان ئەزانن كە ژن لەو پەڕی بی هێزی دایە لەسایەی پیاو سالاری. وە كارێكی هێندە قوڕس نییە ئەگەر جەنبتان بخوازی. ئیتر وەسا پشتیوانی جدی بكەن لە ژنان بە كار نەك تەنی بە ووتار. بە دەستەبەركردنی میكانیزمیكی نوی بۆ ئەوەی پیاوانی كلاسیك و پاشڤەڕۆ چیتر بە پیلانی ڕەنگاوڕەنگ و تەژی هۆڤێتی دوای ئەنجامدانی تاوان دەرحەق بە ئافرەتان لە نێو شەقام و بازاڕەكان بی منەتانە پیاسە نەكەن و خۆیان بەدیار بخەن.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئێمەش بە پشتیوانی جەنابتان ئامادە و بەرهەڤین بە داخوازی تازە و نوی لە مەیدانی کار و بەرخودان دەرکەوین. بە مەرجێك مەودامان پی بدری بە شێوەیەکی یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە هەر کار و چالاکیەك.
لە دوماهی ئەڵێم: لە پشت سەری هەموو پیاوێکی مەزن ژنێکی مەزن هەیە.

دایکی مێرخاس بەرپرسی سەنتەری مەستوورە خانم لە سۆران

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.